# کەسایەتی تاڵەبانی لە دوو دێڕدا



هەژار خۆشناو    ئیتالیا

**ئەم نووسینە ووتەی سەر بەرگی ڕۆمانێکم دەبێ ئەگەر ڕۆژگار بوار بدا بینووسم**

تاڵەبانی ئەو ئەستێرەی لە مێژووی مرۆڤایەتی دا دەگەشێتەوە لە سەرەتای تەمەنی لاوێکی زیرەک و چالاک، نەتەوەیەکەی بە ژێر دەستی دەبینێ زوو دەبێتە پێشمەرگە"پارتیجان" دژی دوژمن و داگیر کەران دەجەنگێ سالانێک شۆڕش دەوەستێ ئەو سەردەنێتەوە و ماوەیەک لە دەرەوە لە چاوەڕاونی دا بیر لە شۆڕشێکی نوێ دەکاتەوە، دەگەڕێتەوە نیشتمان "هاوکات سێ شۆڕشی گەورە لە نێو گەل پەرپا دەکا شۆڕشی ڕزگاری خوازی کورد شۆڕشی نوێخوازی شۆڕشی فێمێنیست"، هەر سێ بزوتنەوە بە بیرێکی گونجاو تاوەدەدا، "لەو نێوەشدا پارتێکی کوردی دورست دەکا بە ناوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان"، هەڵبەت ، "ئەو نایەوێ وەک جیگڤارە شۆڕشەکەی بەرێتە پێشەوە تا لە دوایی دا دیکتاتۆرێکی وەک کاسترۆ بە جێ بێڵێ و خەڵک قنەیان بێ لە برسی و هەژاری دا"، هەرگیزیش ئەو عەرەفاتێک نیە شۆڕشی گەلەکەی بە بێ دیالۆگ مراند و بەردەوام دوو بەنجە بخاتە سەر شاشەی کامێرەکان و هات و هاوار بکا کە مایەی تەنیا خوێن ڕشتن بوو، بۆیەش تاڵەبانی چەند کەسانێک لە گەلەکەی لە ووتەکانی ناگەن یاخود بڵێین لە مەبەستی ووتەکانی ناگەن چونکە ئەو بە هۆی دوربینیەوە هەرگیز نەی ویستوە لەسەر شاخێ بە دەرزی بیر هەڵکەنێ "بەردەوام هەوڵی بۆ ویستی گەل داوە و بە پێی ڕۆژگاریش قسەی بۆ میدیاکان کردوە" سەرەڕای سەرکردەیەکی خەباتکار ئەو سیاسەتمەدارێکی جیهانیشە و کەسێکە نەک لیبڕال یا دیموکراسی خواز یا شۆشیالیست، بەڵکو کەسێکە مرۆڤخواز و ئازادی خوازە ئێستا دەیەوێ جلەوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بگرێتە دەست و چۆن موحەمەد لە بیابانێک هات ئاژاوەی لەو ناوچە ناوە و تا ئەمڕۆش هەر خوێن دەڕێژرێ، تاڵەبانیش دەیەوێ ئەو ئاسەوارە بسرێتەوە و ئازادی بۆ گەلان بێنێ و مانای سنور لە شۆڤینیەت بێنێتە ناسینەوە، هەر بۆیەش ئەو لە ڕۆژگارێکی نادیاردا بە تەنیا توانی دوو پارتی گەورەی کوردستان یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی و ئەوانی تر لە ژێر یەک چەمک کۆبکاتەوە کاتێ سەرکردەیەکی ئەوڕوپی ماسمۆ دەلێمە* "دەڵێ ئێمە عێراقێکی دیموکراسی بە تاڵەبانی و ئەوانەی هاوشێوەن بنیات دەنێینەوە" ئەمڕۆش تاڵەبانی بۆتە سەرۆکی عێراق ماسیمۆ دەیلێتەوە "بەڕێز تاڵەبانی ئەمڕۆ بە بڕیاردانی پەرلەمان بۆ هەڵبژاردنتان وەک سەرۆک کۆمار هیوای ڕزگاربوونی گەلەکەت بەهێزتر دەبێت" لە ئاپۆڕای چەقاندنی دەسەڵات لە لایەن لایەنە عێراقیەکانەوە تاڵەبانی بیر لە سەرۆک کۆماری و دەسەڵاتی خۆی ناکاتەوە، لە لێدوان بۆ ڕگەیاندن دوای هەڵبژاردنی عێراق پێ لەسەر دیموکراسیەت و مافی مێینە دادەگرێ، "بۆیە ئەگەر لەم ساتە دا مێینەی عێراق مافێکی پارێزراوبێ لە سایەی هەوڵی ئەم سەرۆکە تا پەنجاساڵی دی ناتوانێ داوایەکی زیاتر بە دەست بێنێ". ئەو مرۆڤێک دەیەوێ نەک تەنیا کوردستان یا عێراق بەڵکو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە مێژووی ئەوڕوپا تێپەڕێنێ، و ئەو دیوارە بەرلینیانە برووخێنێ، ئەو سنورانەی نەماون تەنیا بۆ ناسنەوە نەبێ بێنێتە نێو گەلانێک پێویستیان بە تێکۆشان و قوربانی وەک تاڵەبانی هەیە، بۆیە ئەگەر ئەبو مازن لەو جەمسەرەوە ڕێگە و سیاسەتی تاڵەبانی بگرێتەبەر ئەوە ئاشتی و تەبایی دەبێتە پەیام بۆ هەمووان، نەوەیەکیش دێ وەک ئەمڕۆی پۆلۆنیەک شانازی بە ئەلمانیا دەکا کە وولاتێکی بەهێزی ئەوڕوپایە.!

hajarkhoshnaw@yahoo.it

* ماسیمۆ دەلێمە سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئیتالیا، سەرۆکی گەورەترین پارتی چەپی ئیتالیDS